# هیوای شەکاوەیی ئاڵای کوردستانم

## ئەحمەد دەشتی

هەر لەو ساتەوەی کە هەستی کوردایەتیم جولاوە و خۆم بە کورد ناسیوەو کوردسانی ژێر چنگی داگیرکەرە درندەکانی نیشتامانم بە چاوی خۆم بینیوە و گەلی کوردی چەوساوەم لە ژێر چنگی ئەو درندانەدا بەو هەموو هەلس و کەوتی نامرۆڤانەیانو دوور لە هەموو یاساو بنەڕەتێکی ڕیز گرتن لە ژیانی مرۆڤ و ئەوپەڕی جینایەت و کوشت و کوشتارو ماڵ وێرانی و ئاوارەیی و زولم و زۆرداریم لە چنگی مرۆکوژانی داگیرکەرو نامرۆڤانی تازی و تورک و عەجەم بینیوە ، ئەو هەموو کارەسات و ئەنفال و تەعریب کردن و ڕەتاندن و زیندە بەچاڵ کردن و بۆمبارانی کیمیاییم بە چاوی خۆم دیوە و بە سەدان هەزار ئاوایی تەپێندراوو بە خاک یەکسان کردنی نیشتمانەکەم و بە سەدان تەن باروت داباراندن بە سەر نیشتمانەکەم بە دەستی مرۆکوژان و دکتاتۆرەکانی داگیرکەرانی کوردستان دیوە ، بۆیەکە هەمیشە ڕقی تۆلە سەندنەوەوە هەستی بەرزی کوردایەتی و خۆشەویستی کوردستانە ئازیزەکەم لە ناو دڵ و دەروون دا هەر جۆشاوەو زیاد بووە و هەردەم چاوم بڕیوەتە ئەو ڕۆژەوە کە منیش ببینم داگیرکەران تەفرو تونا بوینەو ئالا ڕەنگینەکەی کوردستانە ئازیزەکەم لە جیهاندا لە بالاخانەی نەتەوە یەک گرتوەکان و لە سەرتاسەری کوردستان وهەموو جیهان دا بە کوێرایی چاوی دوژمنان وا شەکاوەیە و منیش خاوەن ئالا و قەوارەی میللی خۆمم و وەک هەموو گەلانی جیهان کوردستانەکەم سەربەخۆ و ڕزگارو ئازادو ئاوەدان و پێشکەوتوو و دووره لە ژیر ستەمی داگیرکەره دڕنداکانی تورک و عەجەم و تازیەکان و ئێمەی کوردیش کوردستانی

خۆمان بەرەو پێشەوە بەرین و ئیتر جارێکی تر دوژمنانی کور نەتوانن کە پی بنێنەوە سەر خاکی کوردستان و گەلی کورد بۆ هەتا هەتایە رەهاو ئازاد و سەربەخۆ بژیت و ببێ بە خاوەن قەورەیەکی نەتەوایەتی خۆیەوە.

لەم ڕۆژانە دا کە چاوم دەبڕیە سیماکانی جیهانی و سەردانی ڕابەرانی کوردم بە چاوێکی پڕ لە حەزی خۆشەویستی کوردستانەکەم دەڕوانی و سەردانەکەی بەڕیز سەرۆکی کوردستان هێژا کاک مەسعودبارزانیم بینی کە لە کۆشکی سپی دا بە بەرگی شیرینی کوردی و جامانە سورەڕەنگینەکەیەوە چوەکۆشکی سپێ و چاوی بە سەرۆک بۆش کەوت و بە زمانە شیرن و پاراوەکەی کوردی پەیڤەکانی خۆی فەرموو هەتا بلێی دڵم پێ شاد بو کە سەرۆکی ئەمەریکا کە ئەو دەولاتە زلهێزەن و ئەمرۆ گەورەترین هێزن لە جیهاندا و دەتوانم بڵیم کە ئەوان چارەنوس سازی هەموو جیهانن و دەتوانی کە بڕیاری ڕزگار بوونی گەلانی ژێر دەستەش بدەن لە چنگ داگیرکەران دا و هەموو گۆرانکاریەکی جوگرافیش لەم جیهانەدا وەدی بێنن و لە گەل هاوپەیمانەکانیان چاک دکارن کە هەموو گۆرانکاریەکی تازە بڕیار لە سەر بدەن بە تایبەتی ناوچەی خاوەر میانەوە کە ئەمڕۆ سەرچاوەی بگرە بەردە و نائارامیەکانەو کە پێشم وایە جێگیربوونی ئارامی و ئاسایش و دان نان بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد هۆکارێکی زۆر گەورەیە بۆ ئاسایشی ئەم ناوچەیە کە کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆ وەدی بێت، ئەم ڕودانەی ئەم ڕۆژگارانە لەم کاتەداداوەت کردنی سەرۆکی کوردستان لە لایەن ئەمەریکاوە بە ڕەسمی لە ناو دڵی من دا جێگەی شادمانی یەکجار زۆرە کە هاتە ئاراوە و دیمان کە چۆن پێسوازی لێ کرا،خۆ ناوی بردنی هێژا مەسعودبارزانی بە سەرۆکی

کوردستان لە لایەن سەرۆکی ئەمریکاوە کە بە پرێزدێنت ناوی برد ئەمەش بۆخۆی گرنگیەکی زۆری هەیە و بوو بە درکێک لە دڵی داگیرکەرانی کوردستان چەقی و هەستی دوژمنانی کوردی لەرزاندو هەر بۆیەش بوو کە داگیرکەری تورک خۆیان پێ نەگیراو دژ بەم کارەی سەرۆکی ئەمەریکا نارەزایی بوونی خۆیان دەربڕی ، من بەش بە حاڵی خۆم وەک کوردێک بەم رووداوە گرنگە کە لەم کاتەدا ڕووی دا هەتا بڵێی پێی شادمان بووم ئەم سەردانانە کە لە ئینگلتەراو نەمساو ئەلامانیا و فاتیکان و ئیتالیاش کران پێم وایە گرنگی تایبەتی وهێمایەکی گەورەن بۆ کیانی کورد و دان نان بە گەلی کورد.

ئەمڕۆ دەبینین کە ڕابەرانی کورد وا بە خەستی سەردانی وەلاتانی ئەوڕوپا دەکەن کە ئەمەش کارێکی زۆر باشە بۆ زیاتر ناساندنی گەلی کورد و دابین کردنی دواڕۆژێکی پر لە شادی کوردستان و زیاتر ناساندنی کورد بە جیهانیان و بۆ دابین کردنی دان نان بەو ڕۆژەی کە گەلی کورد لە پێشیەتی و هاکا ئەو ڕۆژە هات و بڕیاری سەربەخۆیی کوردستان درا ، چونکە ئەمە مافێکی گەلی کوردە و هەرودی دێت و رۆژێ لە ڕۆژان دێتە ئاراوەو کوردیش وەک هەموو گەلانی جیهان کە ئالا ڕەنگینەکەی خۆی لە هەموو جیهاندا بشەکینێتەوە و ئێمەی کوردیش ببین بە خاوەن کوردستانێکی سەربە خۆ و ئازدو رەهاو گەلی کوردیش بە زانست و زانیاری و تەکنەلۆژیای خۆیەوە کوردستانی بەرەو پیشەوە ببات و ئەستێرەگەشەی ئاسمانی بەرزی کوردەواریش لە تاق ئاسمانان بێت و ئێمەی کوردیش بۆخۆمان خاوەنی کیانی خۆمان بین و ئیتر جارێکی تر داگیرکەرانی تازی و تورک و عەجەم نەتوانن کە بە هیچ شێوەیەک پێ بنێنەوە کوردستان و نەتوانن کە گەلی کورد

چیتر توش بە ماڵ وێرانی زیندە بە چاڵ و ئەنفال وتەعریب کردن بکەنەوەو بۆ هەتا هەتا هەزاران تف و نەفرین لە ڕووی داگیرکەرانی کوردستانمان بکەین.

لێرە ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەو ئارەزووە دێرینەمە کە حەزی سالەها ساڵی ناو شۆڕش و ئاوارەیی و دووری کوردستانەکەمە ئەویش ئەویە کە چەند حەزم لە ئالا شەکاوەکەی کوردستانم دەکەم  کە دەبینم وا لە کوردستانەکەم دەشەکێتەوە ئای کە شاد دەبم، هەر بۆیە کەئاوش حەزم بەوە  دەکرد کە لە هەموو سەردانەکانی ڕابەرانی کورد بۆ وەڵاتانی ئەوروپا و جیهان دا کە ئالا ڕەنگینەکەی کوردستانم لە تەکیان بایەو هەرگیز ئالاکەی عراقم نە بینیبایە کە لە سەردانەکەی بەڕیزو هیژا مام جەلال هەمیشە دەردەکەوێت،خۆ منیش دەزانم کە مام جەلال سەرۆکی کوماری عیراقە،بەڵام ئەوەی کە من باسی لی دەکەم ئارەزووی دڵی خۆمە دەڵیم خۆزیا لە جێگەی ئەو ئالایە بە چاوی خۆم بدیبایە کە ئالا ڕەنگینەکەی کوردستانم



لە جێگەی ئالا کەی عێراق دا بشەکابایەوەو سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لە هەموو سەردانەکەیان دا ئالا شیرین و جوانەکەی کوردستانی هەمڕاە بایەو بە چاوی

خۆمان بماندیبایە کە ئەمە ئالای کوردستانە وا شەکاوە و بەرزەو لە ناو جیهان دا دەدرەوشیتەوە، ئای کە بە ئاواتەوە بووم کە ببینم ئاڵای نیشتمانەکەم ئالای کوردستانە ئازیزەکەم وا لە سەردان و چاو پی کەوتنەکانیش دا شەکاوەیە و ئالا نەگریسەکەی عێراقی کە لەژێر سایەی ئەوئالایەدا ئەنفال کراوم کیمیا باران کراوم خاک لێ تەعریب و داگیر کراوم هەرگیزاو هەرگیز لە سەر سەری هیچ کوردێکەوە نەمدیبایە و جگە لە ئاڵا ڕەنگینەکەی کوردستانەکەم هیچ کوردێک بێزی نەهاتبایە کە هەرگیز ئالای عێراقی چیتر بەرز بکاتەوەو کوردستانی منێش بۆ هەتایە هەر سەربەخۆو ئازاد و پێشکەوتوو بایە و ئاوات و ئارەزووی شەهیدانی کوردو کوردستان و رابەران و سەروەرانی کورد وەدی هاتبایە.15.11.2005